# مژده یان وەهم

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

ئەمرۆ 12/2 هەردوو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی توانیان ئیمزایان بخەنە سەر پەیمانێک بۆ پرۆسەی هەڵبژادنەکانی عیراق و کوردستان.
هەڵبەت زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کورد پیرۆزبایی لە هەر هەنگاوێک دەکەن کە خزمەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی ئاساییشی نەتەوەیی کورد بکات. منیش یەکێکم لەو خەڵکانەی کە پێشوازی لە هەر پرۆسەیەکی وا دەکەن. بەڵام ئەوە مانای وانیە تێبینی و ڕەخنەکانی خۆشمان نەخەینە ڕوو بە باش نەڵێین باش‌و بە خراپیش خراپ.
ئەوان ئەو ڕێکەوتنەیان بە مژدە ناو زەد کرد. بۆیە هەر لە گوێبیستنم بۆ ئەو وشەیە بیرم لێ کردەوە داخۆ ئەو پەیمانە بۆ مژدەیە؟ ئەو بەهایانە چین کە بە قازانجی گەلی کورد دەشکێنەوە؟
سەرەتا ئیشکالیەت لە خودی پرۆسەی هەڵبژاردن یا نەبوونی ئەو پرۆسەیەدا نابینم. ئیشکالیەت هەمیشە لە عەقلیەتێک دایە کە نە دوێنێ دەیزانی کار لەسەر پرینسیپەکانی نەتەوەبوون بکات و هاوڵاتی بوونی ڕاستەقینە بکاتە بنەمای بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای مەدەنی. نە ئەمرۆش ئەم پرینسیپانە کاریان بۆ دەکرێ.

ئیشکالیەت لەوە دایە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان مرۆڤ ئامانج نیە. مرۆڤ ئامرازێکە بۆ کۆمەڵێک وەهمی گەورە. مرۆڤ لە ئاکامدا لە خزمەتی حیزب و خێزان و هەندێکی مرۆڤی تردا دەبێ قوربانی بێ. کە مرۆڤی ئاوامان دەبێ کۆمەڵێک گەندەڵی زۆریش ڕەگو ڕیشەی کۆمەڵگا هەڵدەکەنێت و هیچ کەسێک بە حەقی خۆی و بە شێوەیەکی یاسایی بە مافەکانی خۆی ناگات.

لێرەدا ئەگەر هەڵبژاردن بە ئیشکالیەتێک بزانین، ئەوا دەبێ لەسەر دوو ئاست قسەی لێ بکەین.

یەکەمیان لەسەر ئاستی عراق. دوەمیان لەسەر ئاستی کوردستان.

لەسەر ئاستی عیراق، وای دەبینم کە تا ئەو چرکە ساتەش پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب لە عیراقدا دەتوانین وەکو پەیوەندی نێوان عاشقێک و ئەو کەسەی کە عاشقی بوون تەماشا بکەین، یەکێکیان سووتاوە بۆ عاشقەکەی خۆی و هەمیشە لە زیکرو فیکری غافڵ نابێ. ئەوی تریشیان ئاگای لێیە بەڵام کەم تا زۆرێک هەست و سۆزی بۆ ئەو عاشق بوونە ناچێت و ئامادە نیە بیریشی لێ بکاتەوە. ئەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردو ڕاگەیاندنیشی هەمیشە بەو عیشقە ئەبەدیەدا هەڵدەڵێت و سەوداسەری بووە، بەڵام ئەوەش سەرانی عەرەبی عیراق و هەموو ئەو ڕاگەیاندنەش کە بە ناوی عیراق دەئاخڤێ. لە دوور و نزیک خۆیان لە قەرەی ئەو هاوبەندیە نادەن و بە خەونیش وشەی فیدرالیان بەسەر دەمدا نایەت. حەقی خۆشیانە چونکە هەرچی ڕواڵەتێکی فیدراڵی هەبێ لە پێتەختی ئەو وڵاتە بوونی نیە. هەمووشمان دەزانین هەموو

نیشانەکانی ئەو وڵاتە لە دەوڵەتێکی مەرکەزی دەچێت و تەنها پاڵەوانیەتەکانی سەرۆک وەزیران‌و سەرەکی ئەو وڵاتە دەبێ بە ڕەحمەت و بەسەر هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەدا دەڕژێ.
لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەو هەڵبژاردنە بۆ وڵاتێکی شێوە مەرکەزیە یا بۆ وڵاتێکی فیدڕاڵی؟ سیستمی فیدڕاڵی دەبێ پەرلەمانێکی فیدراڵی هەبێ و سەرپەرشتی هەموو دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ بکات، وێڕای مەحکەمەی فیداڕالی و ئاڵای فیدڕالی و کۆمەڵێک دروشم و بەهای فیدرالیش. ئێمە نە ئەو پەرلەمانەمان هەیەو نە دەزگای حکومی فیدراڵیشمان هەن، نە هیچ دروشم و بەهایەکیش. ئەوەی هەڵبژاردنیشی بۆ دەکرێ پەرلەمانی وڵاتێکی شێوە مەرکەزیە و سبەی ڕۆژ لە جیاتی هەموو وڵات قسان دەکات. هەر ئەو پەرلەمانەش کە دەسەڵاتی یاسادانان دەگرێتە دەست، زۆرینەی عەرەب دەبن‌و نە گوێ بە مەسەلەی تەوافوق دەدرێ و نە هەناسەیەکی عەقلانیەتیش لەو پەرلەمانە بەر گوێ دەکەوێ. ئەوەی ڕوو دەدات لەو سات‌و کاتانەدا گێڕانەوەی شەرعیەتێکە بۆ ئەو وڵاتەی کە لە 2003/4/9 کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتێکی دەرەکی و شەرعیەتی خۆی لەدەست داوە. ئێستا بە هەر نرخێک بێ دەیانەوێ ئەو شەرعیەتە بگێڕنەوە. ئەو کاتە لە ژێر باڵی شەرعیەت و سیادەت و یەکیەتی خاکی وڵات و دەست تێوەردانی دەرەکی لە جیاتی ئەوەی لە فەلوجە باری نائاسایی ڕابگەیەنن لە شمالی حەبیب ئەو بارە ڕادەگەیەنرێ‌و هەرچی خۆیشی بجوڵێنێ بە تەرۆریست‌و لادەر و یاخی بوو دەدرێتە قەڵەم. خەڵکێکی زۆرمان هەیە ئەو شتە بە موستەحیل دەزانێ.

عەقڵی ڕەوەجەلی ئەو خەڵکە نارۆشنبیرەشیان لە بیر دەچێ کە تەنها یەک شت دەزانن، ئەویش هەر ئەوەیە کە سەدام دەیزانی، پێڕەوی لێ دەکرد. عەیبی گەورەی سیاسەتمەدارانی کورد ئەوەیە کە شتەکان بە ناوی خۆیان بانگ ناکەن. هەروەکو بە عیراقێکی تا هەنوکەش مەرکەزی و بە عەقڵیەتێکی مەرگەزخوازانە بە ڕێوە دەبرێ دەڵێن فیدرالی، بە دوژمنایەتی کردنی هەموو شتێکی کوردیش دەڵێن برایەتی. هەروەکو بەو حیزبانەی کە دوێنێ نانی کوردیان دەخوارد و سەڵەواتیان لە سەدام دەدا پێیان دەگوترا هاوپەیمان، ئەمڕۆش سەڵەوات لە گەلی عراقی عەرەبی لێدەدەن کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئوممەتی عەرەب و پانتایەکی بچوکیش نیە بۆ گەلانی تر کە کەس نازانێ ئەوان بەشێکن لە کێ. بۆ عەرەب بەشێک بن لە ئوممەی عەرەبی؟ مەنتیقی ئەو جیاکردنەوە لە کوێوە سەر دەگرێ؟

بۆیە ئەو سیمایانەی کە عراقی پێ دەناسرێ نە فیدراڵیەو نە برایەتیشی پێوە دیارە. ئەوەی هەیە بەکارهێنانی کوردە لە گێرانەوەی شەرعیەت بۆ وڵاتێکی هەڵوەشاوە. لە دوای گەڕانەوەی ئەو شەرعیەتەش کە دوای ئەو هەڵبژاردنە بە ئامانج دەگات، هەموو قەوارە لاوەکیەکان خاڵی دەبنەوە لە شەرعیەت و ئەوساکە بەرامبەر یەک حەقیقەت دەبینەوە، تەنها یەک حەقیقەت، ئەوساتە بانگی نوێنەری کورد دەکرێ، پێیان دەگوترێ: سوپاسی هاوکاریتان دەکەین، ئێمە برای یەکین، ئەوەی کە دەبێ لە عیراقی تازەدا ڕوو بدات یەکگرتنی خاکو سەروەری وڵاتە. عیراق وڵاتی هەموومانە، ئێوەش دەتوانن بێن کاری بۆ بکەن، دەتوانن بە زمانی

خۆتان بئاخڤن، جلو بەرگی خۆتان لەبەر بکەن، بەڵام لەوە زیاتر مەترسی لەسەر یەکیەتی وڵات هەیە و پێویستە ئەو یەکێتیە نەکەوێتە خەتەر. خۆ ئەگەر ئەو دەوڵەتە بکەوێتە دەستی ئایەتوللایەکان، ئەوا سەرانی کورد یەک ئایەتیان لەسەر پراکتیزە دەکرێ، هەروەکو خومەینیش کردی، ئەویش (فقاتلوا أءمة الکفر انهم لا ایمان لهم لعلهم ینتهون) بۆیە قاسملۆ و شەرەفکەندی و دەیان جەوانی کورد لە دواوە بە خەنجەری ژەهراوی لێیان دراوە و لە بار براون. ئەوەش کە دەست بۆ توند و تیژی ببات ئەوا دەبێتە هەڵگەڕاوە لە دەوڵەتی رەبیانیو بە کافر ناوزەد دەکرێ، (خومەینیش دەیگوت: ما بە کورد نەمیجەنگیم بە کوفر میجەنگیم).
بۆیە بە هەموو پێوانەیەک ئەو هەڵبژاردنە بۆ گێڕانەوەی مەرکەزیەتی عیراقە، بۆ گێڕانەوەی شەرعیەتە، کە دەرەنجامی شەرعیەتیش سیادەتەو بە بیانۆی سیادەت کەس ڕێی پێنادرێ قسە لە گیروگرفتە ناوخۆکانی عیراق بکات. دەوڵەتە دراوسێکانیش بەردەوامن لە پلان و نەگریسی خۆیان و دوانیان بە یەک بگەن ڕایدەگەیەنن کە ئەوان سوورن لەسەر یەکیەتی خاکی عیراق و سەروەری ئەو وڵاتە، کە ئەوان بەر لە هەموویان لە سەروەری و یەکێتی ئەو خاکە تۆقیون.
ئەوەش کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ناوخۆی کوردستان. جێگای سەرسوڕمانە کە بەر لە هەڵبژاردن هەموو کورسیەکان بە پێی هاوپەیمانێتیەک دابەش دەکرێن. پرسیاری گەورە ئەوەیە بۆ ئەو هاوپەیمانێتیە تەنها لە حاڵاتی تەنگاوبووندا دێتە پێش؟ بۆ ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نیە بۆ هاوپەیمانێتی؟ باشە کێ زامینی

ئەوەیە کە ئەو پارتانە هەموویان بە پێی ئەو دابەشبوونە دەنگ دێنن؟ ئەوەی کە لە ئێستاوە دیارە ئەوەیە کە لیستێک هەیە، بەشی هەموان لە پەرلەمان ئاشکرایە، ناوی ئەو لیستەش حیزبەکان خۆیان دایان دەنێن. ئەو سەناریۆیە وەکو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتە عەرەبییەکانە، یەک کاندید دەبێ. هاوڵاتی بە خۆشیو بە ناخۆشی هەر یەک وێنەی لە پێشە، ترشی بێ دەبێ هەر دەنگی پێبدات، شیرینیش بێ هەروەها. ئەوەی ئێستای پەرلەمانیش لە ئێستاوە ئەنجامی دیارن و ئەو هەموو ماندووبوون و پارە خەرجکردنە بۆ ئەنجامێکە ئەویش پێشتر بڕاوەتەوە. کەواتە دیموکراتیەت لە هەڵبژاردنێکی ئاوا لە کوێدا دەبێ؟ بە چ پێوەرێک ئەو کاندیدانە دەسنیشان دەکرێن؟ مەگەر پێوەری حیزبی نەبێ چ پێوەری تر هەن؟ گرێنتی چیە کە ئەو حیزبانە پێوەری کەفائەت و دڵسۆزی بەر لە هەموو شتێک بۆ وڵات لەبەر چاو دەگرن؟

لای هەموومان ئاشکرایە کە بارودۆخەکە ئاسان نیە. بەڵام بە داخەوە عەقلیەتی کوردیش تا ئێستا نەیتوانیوە لە ئیزدیواجیەتی عیراقی بوون و کوردبوون ڕزگاری بێ، ستراتیژیەتێک بۆ ئەو موعاناتە دوور و درێژ و دیرۆکیەی کورد لەبەر چاو ناگیرێ. مرۆڤ لە دەرەنجامی هەموو ئەو ماجەرایەدا بریتیە لە یەک شت ئەویش هیچ.

دەبوایە هاوپەیمانێتی لەسەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد بێ. لەسەر ڕونەدانی شەڕ بوایە، کە ڕوشیدا دەبوایە دوای ئاشبوونەوە جارێکی تر نەکەونەوە هەمان هەڵەکانی ڕابردوو. ترسی گەورە ئەوەیە ئەو هاوپەیمانێتیە بۆ ئەوە نەبێ کە چارەنوسی کورد لە

مەترسی دایە، بەڵکو بۆ ئەوە بێ کە چارەنوسی ئەو پارتانە لە مەترسی دایە، چونکە ئەگەر مەبەست چارەنوسی کورد بوایە دەبوایە زۆر زووتر ئەو هاوپەیمانێتیە ببەستن، زۆر زووتر بەسەر زەحمەتیەکانی نێوان خۆیاندا زاڵ ببونایە. بۆیە پێم وایە ئەو ڕووداوانە ئەگەر لە ڕوێکیاندا پێیان بوترێ مژدە لە ڕوەکەی تریاندا لە وەهمێکی گەورە شتێکی تر نیە.